فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی ئەوارەی ڕۆژی دووشەممە گەشتە ئاسمانییەکانیان دەستپێکردەوە

فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی ئەوارەی ڕۆژی دووشەممە گەشتە ئاسمانییەکانیان دەستپێکردەوە دوای ئەوەی بۆ چەند کاتژمێرێک ڕاگیران لەسەر داوای دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق.

ئەحمەد هەشیار، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی پشتڕاستکردەوە دوای ڕاگرتنیان لە کاتژمێر پێنجی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەوە، لە کاتێکدا وەزیری گواستنەوە و پەیوەندییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان "ئەنە جوهەر" پشتڕاستی کردەوە کە هیچ هەکارێکی ئەمنی نییە بۆ ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی.